# ئیسلام دینێکی ئاسانه ( 2 )

## باوکی حارث

## ( 2 ) ئافرەتی حەیز دار =لەعادەی مانگانەی بێ یان نـەزیفی پـاش منـاڵ بوون= ئەتوانێ قورئـان بخـوێنێ و دەسـتی لێبـدات هـەروەهـا ئـەوەی جەنابەتی لە سەر بێ وە بڕوادار پیس نابێت و پاکە !

دیارە ئەو باسەش گرنگە خەڵکێکی زۆر پرسیاری لە سەر ئەکەن بە تایبەتی ئافرەتان کە ئایا لە کاتی سوڕی مانگانەیان ئەتوانن دەست کەنە قورئان و بیخوێنن ؟ وە ئایا جەنابـەت ڕێگـرە لـەوەی قورئـان بخوێنیـەوەو دەسـتی لێبـدەین؟ بـە پـشتیوانی خـوا لـەم باسـە وەڵامـی ئـەم پرسیارانە ئەدەمەوە بەڵام ئـەبێ پێـشوەختە بـزانین کـە زۆربـەی زانایـان لەسـەر ئـەوەن کـە نابێت! ئەگەر لەو وەڵامە خیلاف ئەو زانا بەڕێزانەت بینی مانای ئەوە نیە بێڕێزی بـێ بـۆ ئـەو زانایانە خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە ئێمە ئەبێ دوای بەڵگە بکەوین کە بۆمان ئاشکرا بوو ئیتر ئومێد ئەکـەم لـە خـوای بـەرز سـەرکەوتوم بکـات بـۆ ڕوون کردنەوەی ئەو باسە .

عن أبي هريرة قال : لقيني رسول الله صلى الله عليه وسلم وأنا جنب فأخذ بيـدي فمـشيت معـه حتى قعد فانسللت فأتيت الرحل فاغتسلت ثم جئت وهو قاعد فقال : " أين كنت يا أبا هريرة " فقلت له فقال : " سبحان الله إن المؤمن لا ينجس " . هذا لفظ البخاري ولمسلم معناه وزاد بعد قوله : فقلت له : لقد لقيتني وأنا جنب فكرهـت أن أجالـسك حتـى أغتـسل . وكـذا البخـاري في رواية أخرى واتە : ( لە ابي هريرة رضـي الله عنـه فـەرموی : پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وعلى اله وسلم پێم گەیشت وە من جەنابەتم لە سەر بوو جا دەسـتی گـرتم ولـە گـەڵی ڕۆیـشتم هەتا دانیشت جا بە بێ ئەوەی ئاگای لێبێ ڕۆیشتم جا هاتمە شـوێنی حەوانـەوەم =ماڵـەوەم= جا خۆم شۆرد =غوسلی جەنابەم کرد= پاشان هاتمەوە لای پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وعلى اله وسلم وە ئەو دانیشتبوو جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : لە کێ بووی ئەی ابا هريرة منیش پێم ووت جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم فەرمووی سبحان الله بە تەئكيد بڕوادار پـیس نـابێ ) ئـەوە لـەفزی بوخاریـە وە موسـلیم بـەو مەعنایە ڕیوایەت ئەکاو ئەم زیادەشی گێڕاوەتەوە لە پاش ئەوەی ابو هريرە ووتی پـێم ووت : تۆ پێم گەیشتی منیش جەنابەتم لە سەر بـوو پـێم نـاخۆش بـوو لـە گـەڵت دانیـشم تـا غوسـل دەرنەکەم ) وە بوخاریش وای گێڕاوەتەوە لە ڕیوایەتێکی تر .

لەو فەرمووده بۆمان دەر ئەكەویٚ كەبڕوادار پیس نابیٚ ئەگەر جەنابەتیشی لە سەر بیٚ بە عەكسی موشریك كە خوای بەرز ئەفەرمویٚ : ﴿إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾ التوبة 28 یانی موشریك پیسن پیسیەكی مەعنەوی بێگومان مەبەستە لەو ئایەتە وە ئەوەمان بۆ دەر ئەكەویٚ كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم مەبەستی چیە لەو فەرمووده كە ئەفەرمویٚ : ( لا یمس القرآن إلا طاهر ) صحیح الجامع 7780 واتە : ( دەست نادات‌ە قورئان ئیللا ئەوەی پاك نەبیٚ ) لەو فەرمووده مەبەست لە پاك بڕوادارە چونكە بۆمان دەركەوت لە فەرموودەی پێشتر بڕوادار پاكە پیس نابیٚ نە بەجەنابەت و نە بە حەیزو نیفاس وە ئەوەی زیاتر تەئكیدمان دەكا ئەو فەرموودەی تری پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم كە ابن عمر رضي الله عنهم ئەفەرمویٚ : ( نهی رسول الله صلی الله علیه وسلم أن یسافر بالقرآن إلی أرض العدو ) متفق علیه واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی كرد لەوەی قورئان ببری بۆ سەفەر بۆ ناو زەوی دوژمن ) وە لە ڕیوایەتەكی موسلیم وا هاتووە : ( لا تسافروا بالقرآن فإني لا آمن أن یناله العدو ) واتە : ( سەفەر بە قورئان مەكەن چونكە من لەوە ئەمین نیم كە دوژمن دەستیان نەگاتیٚ ) یانی موشریكەكان نابیٚ قورئان بخرێتە دەستیان والله اعلم بەهەر حالٚ بڕوادار پاكەو لە هەموو كاتێك ئەتوانیٚ دەست بداتە قورئان و بیخوێنێتەوە وە ئەو ئایەتەش كە خوای بەرز ئەفەرمویٚ : ﴿لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ﴾ الواقعة 79 مەبەست پێی لەوحی مەحفوزە كە تەنها مەلائیكەت دەستیان ئەگاتیٚ نەك مەبەست قورئان بیٚ ئەگەر مەبەستیش قورئان بیٚ بڕوادار پیس نیە وەك بۆمان دەركەوت لەو فەرموودەی متفق علیە بوو وە بۆ تەفسیری ئەو ئایەتە بگەڕێنەوە سەر تەفسیری طبري بۆتان دەر ئەكەویٚ كە مەبەست پێی دەست نوێژ و غوسل نیە بەلٚكو مەبەست پێی پاكیە لە تاوان والله اعلم كە مەلائیكەت وە پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام .

بۆ زیاتر ئیستیفادە لەو باسە بگەڕێوە سەر كتابی (تمام المنة) ی پێشەوا الباني رحمە الله وە كتابی ( نیل الاوطار ) ی پێشەوا شوكاني رحمە الله